# بانگه وازێک بۆ کورده کانی نه رویج تۆش له گه ڵماندا به شدار به!!!!!

ماوه ی زیاد له 2 مانگه که 191 کوردی ڕۆژهه ڵات که له ئۆردوگای ئه ڵتاشه وه له ترسی عه ره به شۆفینیسه کان هه ڵاتوون، ئیستا له سنوری نێوان عێراق وئۆردون، بێ شوێنی مانه وه وخۆراک و ئیمکاناتی پزشکیدا گیریان خواردوه، هیچ لایه نێکی عێراقی و ئۆردونی هاوکاریان ناکه ن .

ماوه ی 2 ساڵ پێش 1054 کورد له ئۆردوگای ئه لتاش، واته 3 ڕۆژ پاش ڕوخانی ڕێژیمی سه دام به ره و وڵاتی ئۆردون هه ڵاتن، به ڵام ڕێاگاین نه دان بچنه ناو خاکی ئۆردون، دوای 5 مانگ به ربه ره کانی له گه ڵ کۆمیسارییایی به ررزی په نابه ران، سه رئه نجام ئۆردوگاکه یان کرا به ئۆردوگایه کی ره سمی به ناوی ئۆردوگای ئه لکه رامه، ئه لکه رامه ش هه رله و سنووری عێراق و ئۆردوندا هه ڵکه وتووه، ئه و په نابه رانه تا ئیستا نزیکی 400 که سیان گه یشتووه ته وڵاتانی سوید و ئیرله ندا، ئێستا 670 په نابه ر له و ئۆردوگایه دا ماون، چاوه ڕوانی هاتنه ده ره وه بۆ وڵاتی سێیه م ده که ن، که 40 % ئه و په نابه رانه خانه واده ی نزیکیان له وڵاتی نه رویجدا هه یه و چاوه ڕوانی قبووڵ بوونیان له نه رویج ده کرد،

هه روه ها ماوه ی 25 ساڵه : کۆمه ڵێک کوردی ئاواره ی ده ستی شه ڕی ماڵ وێرانکه ری نێوان 2 ده وڵه تی کورد کوژی وه ک عێراق و ئێران له ئه ڵتاش ده ژین، که ئێستا نزیکی 2000 که سیان له کامپی ئه ڵتاش ماونه ته وه و له و په ڕی ژیانی دژواردا ده ژین، ڕۆژانه هه واڵی ده یان کاره ساتی جۆراو جۆرمان پێ ده گات که شۆفینیسته کان وگروپه تروریسته کان به سه ریاندا دێنن .

که چی سه ره ڕایی ئه وهه موو کاره ساتانه، وه زیری کۆچ و نیشته جێ نه رویج به ره سمی و نووسراوه له کۆبوونه وه ی په رله مانی نه رویجدا ڕای گه یه یاندووه که : وڵاتی نه رویج له په نابه رانی ئه ڵتاش و ئه لکه رامه وه ر ناگرێت و به نه خۆێنه واریان ناو ده بات؟.
کۆمیته ی پشتیوانی له په نابه رانی ڕۆژهه ڵاتی کوردستان له عێراق و ئۆردون، به هاوکاری ڕێکخراوی

**سوس ڕاسیسمه ی** SOS Rasisme

نه رویجی که ڕێکراوێکه دژ به ره گه ز په ره ستی کار ده کات، بڕیاری پێک هێنانی ڕێپێوانێکیان دا له به رده م ته لاری په رله مانی نه رویج، به دژی ئه و هه ڵویسته ی وه زیری کۆچ و نیشته جێ، هه روه ها چه ندین ئه ندام په رله مان وپارت وڕێکخراوی دیکه ی نه رویجی به ئاخاوتن و نووسراوه له گه ڵماندا به شدارده بن له و ڕێپێوانه دا، ئه و ڕێپێوانه له ڕێکه وتی 04.04.2005 که ده بێه ڕۆژی دووشه مه وکاتژمێر 16 پاش نیوه ڕۆ تا 18 پاش نیوه ڕۆ به ڕێوه ده چێت، بۆ ئه وه ی ئه ندام په رله مانه کان وڕێکخراوه نه رویجی یه کان بتوانن له گه ڵما ندا به شدار بن، بۆیه ناچارین که ئه و ڕێپێوانه له ڕۆژی کاردا به ڕێوه به رین نه ک له ڕۆژانی پشوودا، هه ر بۆیه داوا له تۆی به ڕێز ده که ین :وه ک کوردستانی یه ک که به هه ستێکی دڵسۆزانه و نه ته وه ییانه وه به رامبه ر به و خوشک وبرایانه ت که له وشوێنه دژوارانه دا گیریان کردوه به شداری ئه وڕێپێوانه بکه، هه ڵویستی وه زیری کۆچ ونیشته جێی وڵاتی نه رویج سه باره ت به وپه نابه رانه ڕسوا بکه،

**ڕۆژی ڕێپێوانکه، دوشه ممه ، 04. 04. 2005 . کاتژمێر 16ی پاشنیوه ڕۆ تا 18 پاشنیوه ڕۆ.**
**شوێنی ڕێپێوانه که : به ر ده رکی په رله مانی نه رویج ، ئۆسلۆ .**

**تکایه ئه م خاڵه له به ر چاو بگره** : بێجگه له ئاڵای پیرۆزی کوردستان وشوعارو پلاکارتی هه ر دوو کۆمیته ی پێک هێنه ر، ڕێگا به پلاکارتی هیچ پارت و ڕێکخراوێکی کوردی نادرێت له ورۆژه دا هه ڵبکرێت، چوون ڕێپێوانه که تایبه ته به کێشه ی ئه وپه نابه رانه. با هه موومان به یه ک ده نگ به شدار بین،
بۆ زانیاری زیاتر ده توانن به م ئیمه یل و ته له فوونانه ی خواره وه پێوه ندیمان له گه ڵ بگرن،

**کۆمیته ی پشتیوانی له په نابه رانی ڕۆژهه ڵاتی کوردستان له عێراق و نۆردون.**
90 52 94 33**یا**altash_refugee@yahoo.com . 92 81 78 73 ,
**سوس ڕاسیسمه** SOS Rasisme 41 69 20 92.